سەرچاوەکانی رۆ
نێوان ئەدەب

لایەنەکانی رۆشنبیریی .

رۆشنبیریی ئادەمیزادیش شتێکە لە ژیانو ، پێداویستەکانیەوە سەرهەڵئەدات . لە هەمان کاتیشدا ئاوێنەکانە سەر مانەوەو . ژیانی ئادەمیزادیش .

پێداویستەکانی ئادەمیزاد لە سەرەتادا (ئازوقی) یە . کە چەنەکەی بڕێتی یە لە (مانەوە) . لەبەر ئەمە نارەحەتێکی بەردەوام لە پێناوی بەرامستی بوونی خۆیو ، پێداویستەکانیشیا لە بەخسەی ئادەمیزاد نابێتەوە .

هەر لە روو بەروو بوونەوەی ئەم نارەحەتیەی ، ناتەواوی یەشدا ، رۆشنبیریی و ، هونەرو ، ئەدەب دێتەکایەوە

کەواتە رۆشنبیریی برخێکی بێسنوري نیە . چونکە هەرچەندە ئادەمیزاد بەحەسەوەرو . خۆش گوزەران بێت کەمتر پێویستی بە رۆشنبیریی هەیە . لە کاتێکدا رۆشنبیریی لە رازەی ویستو خواستی ئادەمیزادایە . بۆ وەدەست هێنانی ژیانێکی ئاسوودەو بەختیار .

رۆشنبیریی لە سەرەتاوە لای ئادەمیزاد لە ناوکی ئەو پرسیارانەوە هاتە ئارەوە . کە دەربارەی مانەوەو . سۆگەر کردنی پێداویستەکانی دەری دەبڕین .

لە پێش هەموو شیانەوە سروشتو . هێزەکانی سروشت بووە . واتە یەکەمجار لە پەیوەندی ئادەمیزاد بە سروشتەوە . سەری هەڵداوە .

ئادەمیزاد ئەو تەنها ئاژەڵە بووە کە شارستانیەتی بە دەست هێناوە . (رۆشنبیریتیش بەشێکە لە شارستانیەت) چونکە ئادەمیزاد تەنها ئاژەڵێك بووە کە لە سروشت جیادا بۆتەوەو . لە هەمان کاتیشدا

لە پێناو پەرژەوەندی خۆیدا لە گەڵیدا کە وتۆتە بەربەرەکانیشەوە .

لەم سەرەتایەوە چەند هۆیەکی (نیجابی) و دەروونی کەوتنە حوکم کردنی نێوانی ئادەمیزادو سروشت .

سروشت ئەو دایکە جگەرسۆزەیە کە ئامێزی خەیروخەیراتی بۆ ئادەمیزاد کردۆتەوە ، لە هەمان کاتیشدا ئەو دوژمنەیەتی کە زیانی دەخاتە مەترسی یەوە .

لەبەر ئەمە هەستی ئادەمیزاد بەرامبەر بە سروشت ناوێتەیە لە خۆشەویستیو ، ترسو رووبەروو بوونەوە .

کەواتە لێرەدا لەو کارە هونەریانە دەکەین کە سروشت دەشوبهێنن بە دایك .

هەرچەندە سروشت بەرامبەر بە ئادەمیزاد بەخشندەو هێمن بێت . بەڵام هەر ناتەواوی یەکی تر بەردەوام ئادەمیزاد دەجوولێنێ . ئەویش سروشتی ئادەمیزاد خۆیەتی .

سروشتی ئەو ئادەمیزادەی کە لە دایك دەبێو . زیادەکاو ، ئنجا پیر دەبێو . دوایی دەمرێت .

ئەوی راستی بێت لەم

سەرچاوەی رۆشنبیریی یەش کە لە ناوەوی ئادەمیزاد خۆیدایەتی . هەر وەك کێشەی ئادەمیزادو سروشت وایەو . درێژ بوونەوەی ئەویشە .

لە سەرەتاوە پەیوەندی ئادەمیزاد لەگەڵ ئادەمیزاددا . وەك تاكو کۆمەڵ جۆرێكبووە لە پەیوەندی ئادەمیزادو سروشت . ئەو کێشەیە دەشوبهایە سەرکێشەی گیانداران لە رووی خواردنو . خواردنەوەو . جووت بوونەوە .

ئادەمیزاد بەربەرەکانی هێزەکانی سروشتی دەکردو . لە هەمان کاتیشدا کەڵکیشی لێوەردەگرت . لەگەڵ ئەوەشدا دەرکی بەو یاسا شاراوانەش نەدەکرد . کە حوکمی سروشتی دەکرد .

دەشی جووڵاند . هەروەك چۆن دەربارەی مردنو ، سامانیش هیچی نەدەزانی .

لەوە بەدواوە پێویستی ی خۆی بەسەر ئادەمیزاددا سەپاند . کە چارەسەرێكو رێگەیەك بۆ ئەم نەزانینەی بدۆزێتەوە . هێندێ جار (ئەقڵ) لەم ئاواتەیدا فریای کەوتووە ، زۆر جاریش (خەیاڵ)

محمد رشید فتاح وەری گێڕاوە

...نبیری و پەیوەندی ...ئایدیۆلۆژی

دەستی داوەتە بالی .

ئەو دوو کێشەیە . کێشەی ئادەمیزاد لەگەڵ سروشتداو ، هەروەها کێشەشی لەگەڵ خودی خۆیدا ، وای لێ کردووە کە بکەوێتە بیرکردنەوەو ، تاقی کردنەوەوە . لەگەڵ ئەوەشدا خەیالیش وای لێ کرد ، کە ئازارو ، خۆشیو ، ترسو ، ئاوات و ئامانجو ، زانینی خۆی لەم کێشانەدا دەربڕێ .

کەوابێ لێرەوە رۆشنبیرێتی سەری هەڵداوەو ، هاتۆتە ناوانەوە .

بە گەشەکردنی ئەم کێشانەش ئەویش گەشەی کردووەو ، بەرەوپێش هەنگاوی سەرکەوتوانەی ناوە .

لەوە بەدواوەش لەسەرەتای دروستبوونی چینەکانی کۆمەڵەوە، سەرچاوەیەکی تر ، کە سەرچاوەی پەیوەندی نێوان ئادەمیزادو سروشتی داپۆشی ، هاتە پێشەوە . ئەویش کێشەی چینایەتی بوو .

ئەم کێشەیە کاتێک هاتە کایەوە ، کە ئادەمیزاد کەوتە شت دروستکردنو ، توانای ئەوەشی تێدا پەیدابوو . کە زیاتر لە پێویستی خۆی وەدەست بهێنێت .

هێزی بەرهەم هێنان بووە سەرچاوەی سامان . ئەوکاتە ئادەمیزاد توانای ئەوەی یەبوو ، کە جیاوازی لە نێوانی ئەم دوو جۆرە پەیوەندی پەیدا بکات .

پەیوەندیی لەگەڵ سروشت لە لایەک ، پەیوەندی کۆمەلایەتیی لە لایەکی ترەوە .

لەبەر ئەمەیە ، لە داستانەکانی ئادەمیزاددا بەئاشکرا ئەوە دەبینین، کە هێزی مرۆڤایەتی تێکەڵ بە هێزی سروشت بووە .

کەواتە رۆشنبیرێتی سێ سەرچاوەی هەن :

١ ـ هەڵسوکەوت لەگەڵ سروشتدا .
٢ ـ هەڵسوکەوتی ئادەمیزاد لەگەڵ خودی خۆیدا .
٣ ـ کێشەی نێوان چینەکانی کۆمەڵ .

ئەم باسەی پێشوومان وامان لێ دەکات ، کە ئەم سێ سەرچاوەیە وا کورت بکەینەوەو . تەنها پاڵ پێوەنەرێک بۆ رۆشنبیرێتی دابنێین : ئەویش کاڵ وەرگرتنە .

لەمەشەوە دەتوانین بڵێین :

بۆ ئەوەی ئادەمیزاد کەسانی تر لە پێناوی رازەی خۆیدا بێنێتە گەڕ ، بۆوەش لەدەست چەوساندنەوەو ، ژێردەستەیی قورتاری بێتو ، وە لە پێناوی رازەی خۆشیدا دەست بەسەر سروشتدا بگرێتو ، هەروەها بەربەرەکانی ئەو هۆیانەش لە لەشی خۆیدا بکات ، کە بەرەو نەمانی دەبەن . لەبەر ئەم سێ هۆیە ئادەمیزاد رۆشنبیرێتی خۆی بەدەست دێنێت .

لەسەرەتاوە قسەکانمان وادەرئەکەون کە (مەنتقی) یسن ، بەڵام تەنها کاڵ وەرگرتنیش رۆشنبیرێتی دروست ناکات . چونکە لایەنێکی گرنگی تریش هەیە ؛ ئەویش لایەنی (چێژ) وەرگرتنە .

هەردوو لایەنی کاڵو چێژ وەرگرتن ، پێکەوە گرێ دراونو ، لە یەکتر جودا نابنەوە .

چێژ لە زانستدا هاندەرێکە بۆ زانینی زیاتر . ئەوەش راست نیە کە ئادەمیزاد لە چاوی رازەی خودی خۆیدا چێژ دەبینێ . بە پێچەوانەوە چێژ بابەتێکی سەربەخۆی هەیە لەلای ئادەمیزاد .

ئەوی راستی بێت ئادەمیزادی سەرەتایی ئەو توانایەی نەبووە ؛ کە سنوورێک لە نێوانی کاڵکو چێژ وەرگرتندا دابنێت . کاڵو چێژ وەرگرتن لە هەردوو جیهانی (مادە) و(فکر) دا یەک بنچینەیان هەیە . ئەویش بەدەست هێنانی پێداویستەکانی مرۆڤە . کارێک هەرچەندە زۆرەملێشی تێدابێت ، لەوا بۆمانەوە پێویستە . ئەو گرێکارەی کە قازانجی خۆی، لە کارێکی سەختو گراندا مسۆگەر دەکات ، ئەوا لە جێگەیەکی تر بە دووی چێژو خۆشیی خۆیدا مەودال دەدەبێت . ئەو جۆرە هەر جێگەیەک بێت .

با بۆ نموونە لە بواری هونەردا ئەمە بڵێین :

(کەسێک لەگەڵ درەختو ، گوڵ چۆڵەکەو ، خورەی ئاودا بژی ، ئەوا ئەمر کەسە لەگەڵ جوانی سروشتدا دەژی . ئەمەش وای

لێناکات : کە تابلۆیەك ، یا دیمەنێکی سروشت ، هەلبژێرێتو ، لـەبەردەمی خۆیدا دایبنێت ،

کـــەواتە دووریی ئادەمیزادی هاوچەرخ لـە سروشتـەوە ، وای لێدەکات کە وێڵی ئەو تابلۆیانـە بێت ، کە بە پەرەمووچو ، خامەیەك کێشراین ، دەربـــارەی دیمەنـە رازاوەکانی سروشت ، هەر لەمەوە دەتوانین بڵێین : هونەر (برێتی) یەکە بۆ پێداویستە کانی ژیان :

جارێکی تریش دەیڵێینـــەوە : رۆشنبیرێتی لەرێکەی کەلكو ، چێژ وەرگرتنەوە ، کار دەکاتە ســــەر ئادمیزاد .

چێژ لە هونەردا زالە . بـەلام کەلك وەرگرتن لە لایەنـە کانی تردا خۆی دەنوێنێ .

کتێبێکی سیاســی دەربــارەی (فەلەستین) زیاتر لە چیرۆکێـك دەربـارەی فەلەســـتین کەلــك دەبەخشێت . ئەمەش بە شێوەیەکی گشتیوایە ؛ گەر عەقل نزیکترین رێکەبێت بۆ گەیشتن بە کەلکــی رۆشنبیرێتی ، ئەوا چێژ لـەرێکەی هەستکردنەوە خۆی دەکات بەناو دەروونـدا . لە لایەکیترەوە دەبینین کـــە (شێوە) زیاتر لە رێکــەی هەستەوە کاری خۆی دەبینێ نـەك لە رێکەی (عەقـل) ەوە . بـــە پێچەوانەشەوە (ناوەرۆك) لــــە رێکەی عەقلەوە کاردەکاتە ســـەر مرۆڤ ، نەك لە رێکەی هەستەوە .

دەتوانـــین لەمـــەوە ئـــەوە وەدەستبخەین . کـــە شێوە لـــە هونەردا لە رێکەی هەستو چێژەوە بەسەر ناوەرۆکدا زاڵ دەبێت . بەلام لەلایەنەکانیتری رۆشنبیرێتیدا ئەمە پێچەوانە دەبێتەوە . ئەگەر لە دابڕانی ئادەمیـــزادی هاوچـــەرخ بەتایبەتــی کەسانێـــی چێشـــە چەوساوەکان لـــە رووی چێـــژ وەرگرتنەوە ، ورد ببینەوەو ، ئەوەش بزانین کە تاکە رێکەی ئاسان بـــۆ گەیشتن بە (جەماوەر) رێکـــەی (هەستە) چونکە ئەمە لەرێگـــەی (عەقل) ساناترە . لەکاتێکدا عەقل باشترینی هەردوو ئامرازەکەیە بـــۆ تێگەیشتن ،

لەمەوە دەرك بەوە دەکەین ، کە هونەر چ کارێك دەکاتە ســــەر ئادەمیزادو ، شێوەش لـــە بواری پەیوەندییەکانی کۆمەلایەتــیو . ئابووریدا چ بایەخێکی گرنگی هەیە . لە سروشتدا بەدەمگەن جیاوازییەك لەنێوان شێوەو ناوەرۆکدا بەرچـاو دەکەوێت . دەتوانین تەنها بەسەیر کردنێك گەنمو جۆ لە یەکتر جـودا بکەینەوە . چونکە شێوە دەلالەت لە نـــاوەرۆك دەکـــاتو ، هەمـــەو ناوەرۆکێك شێوەیەکی تایبـــەتی دەگرێتە خۆی . لەگەڵ ئەوەشدا لە سروشتدا هێنـدی فێـلو فەرەج هەیە . وەك ئەو جۆرە جۆلەکەیەی کە لەبەردەمی راوکەرێکدا خۆی بـــە مردوو پیشان دەدات .

فێلبازترین ئافەریدە ئادەمیرادە. ئەو هونەرمەندانەی سەر بە چینە چەوسێنەردکانو ، بە چەکـــی هونەرەوە دەچنە مەیانی کێشـــەی چینایەتییەوە ، لە جیاکردنـــەوەی شێوە دووی مەبەست دەکەوێت . دەنوێنن .

بەلای (مادیة) ئەوە مەبەســت بنچینەیەو ، شێوەش لقێکە . واتە شێوە دووی مەبەست دەکـــەوێت . نەك بە پێچەوانەوە .

مەبەستی نوێ پێویستی بـــە شێوەی نوێ هەیە .

دیارترین رێکەی هەلخەلەتاندن ئەوەیە کە ناوەرۆکی کۆن شێوەی نوێی بـــە بەرابکرێـــت ، وەك لە شێکیناشرین لە جلو بەرگێکی جوانـدا ،

ئەو گۆرانکارییە گەورانەی کـــە لە مێژووی نـــوێدا . بەســـەر ئادەمیزاددا هات . شیعری نوێ بە شێوەیەکی نوێی گونجاوەوە خۆی لەرزکرد : چونکە شـــیعری کۆن (عەمودی) توانای بە خۆگرتنی ئەم گۆرانکاری یە نوێیەیان نەبوو :

لە تواناد! هەیە کە بیری کۆن لـــە شێوەی شیعری نوێدا دابرێژرێت ، بەلام ئەم بیرە کۆنانەش هەرگیز لەم قالبەدا نابنە بیرێکی هاوچەرخانە . بەلکـــو تەنهـــا بەشـــێوە رووی تازەبوونەوەیان پێوە دیار دەبێت .

بەرامبـــەر بەمـــەش بیـــری شۆرشگرانە پێویستی بـــە بەرگی نوێ هەیە . چونکە بەرگی کۆن بـــە بەری تەسکەو ، ئازاری دەدات .

رۆشنبیری ئەدیبو هونەرمەنـــد شێوەو ناوەرۆك پێشکەش ناکات ، بەلکـــو کەلکێـــك یا چێژێـــك دەبەخشێت . هیچ کارێکی هونەریش بـــەبی ناوەرۆکێك مەیسەر نابێت . جا ئەو کارە بۆ رۆشنبیرێتی بێت ، یاخود خۆشی .

بەلکو جیاوازییەکە لە وەدایـــە کە شێوە لە پێشترە ، یا ناوەرۆك .

گەرکێشـــەی چینایەتی نەبوایەو ، چەوساندنەوەش لە کۆمەلدا بەدی نەکرایە ، ئەوا لەگەل هیچ کەسێکدا ململانێی ئەوەمان نەدەکـــرد . کەشێوە تەنها پێومرێکە لە رەخنەی هونەری ، یاخود ئەدەبیدا .

له بواری بەربەرەکانی لەگـــەڵ سروشتو ، خۆش‌ویستنیـــدا ، دەبینین هەموو رۆشنبیرێك بەلای ئادەمیزاددا دای نە شکێنێ . چونکە لەمـــەدا جیـــاوازی نێوانـــی ئادەمیزادێك‌و، ئادەمیزادێکی ترنیە. باجێگـــەو پایەی چینـــایەتیشی هەرچۆنێك بێت .

لەبەر ئەمە لەواقعدا کۆمەڵ بـــە هەموو چینەکانیەوە روو بەرووی کارەســـاتـــەکانـــی ســروشـــت دەوەستنەوە .

گەر لەمەشیاندا کۆك‌بین یاخـــود ناکۆك . کاتێك باســـی کێشـــەی ئادمیـــزاد دەکەین ، لەگـــەڵ ئەو باسایانەدا کە حومکی بوون‌و ، مردنی دەکەن . ئەوا لەمەشدا هیـــچ جیاوازی‌یەك بەرچاو ناکەون. مردن چیە ؟. بنچینەی ئادەمیزاد گیانە ، یاخود مادەیە ؟ .. هتد . ئەوەی جیاوازی دەخاتەبەر ئەم زانـــستە بێ‌گوناهەوە ، تەنهـــا جیـــاوازی ئایدۆلۆژی‌یە ، کەئەویش کێشەی چینایەتی‌یە .

کەواتە لێرەدا بە روونی گرنگی ناوەڕۆك بۆ رۆشنبیرە ئازادیخـــوا ـ رەکان دەردەکەوێت. هەروها گرنگی شێوەش بۆ رۆشنبیرە (محافظە کان بەســـەر ناوەرۆکـــدا ئاشکـــرا دەبێت .

بـــــە گەشەکردنی ئادەمیزاد بۆ دەستەلاتدارو ، ژێردەســـتەو ، دابەش‌بوونی کۆمەلگاکـــان بەچەنـــد چینێکەوە . جیاوازی لــــە نێوان کەلك‌و ، چێژ وەرگرتنداو . هۆش‌و هەســـتو ، شێـــوە ناوەرۆکـــدا هاتەکایەوە . هەروەها گۆرانێکیش لە میانەی قیەمی (مـــادی) و ، قیەمی رۆشنبیرێتی‌دا روویدا . واتە لە نێوان تەکنیك‌و ، زانـــستدا . هـــەروەهالە نێوان پیشـــەسازی‌و هونەریشـــدا .

ئەم گەشەکردنەش بووە هـــۆی

قوتابخانـــە میللی یەکـــان دەســـتەبەری پێتـــربوونـــی بەرهـــەم و چاکتربوونی دەبـــن

ئەوەی کەوا رۆشنبیرەکـــان وەك دەستـــەیەکی جیاواز لە کۆمەڵ بێنە ناوناوانەوە .

لە کۆمەڵی فرەچینـــدا خەلکـــی بەرامبەر بە رۆشنبیرێتی بوونـــە دوویەش . بەشێکیـــان بـــووە سەرچاوەو ، بەشەکەی تریشـــیان بووەئاورێژە . بە شە کەمەکەیان کە رۆشنبیرەکانن ئەوا بوونە سەرچاوە. بەشە کەی‌تریش کە (جەماوەرە) بووە ئاورێژ .

رۆشنبیرەکان بەرهەمیان دەدار ، جەماوەریش دەیقۆستەوە . ئەمەش دابـــەش بوونی کـــــــارە . رۆشنبیرکارکەرەو ، جەمـــاوەریش کارتێکراوە .

گیروگرفت لە دوورکەوتنـــەوەی رۆشنبیرەکان نیە لە جەمـــاوەر .

بەلکو لە وەدایە کە ئاچەند نزیـــك دەبنەوە لە چینە دەستدارەکانەوە . رۆشنبیران لە کێشـــەی چینایەتیدا بێ لایەن وەوەستاون . پیویـــستبووە لە سەریان کەجێگەی خۆیان لـــە هەرەمی چینەکانی کۆمەلدا دیـــاری بکەن .

ئەو کۆمەلەی کـــە ئەوانیـــش ئەندامێکن تیایدا . هەروەها لـــــە سەریشیان پێویســتبووە . کـــە لایەنی چینێك بگرن .

(*) نووسینە کورتـــەی ئـــەو لێکولینەوەیەی مامۆســـتا (بو علي یاســـین)ە کـــەلـــە گـــۆڤاری (دراسات عربیـــة) ی ژمـــارە (٢) ی کانونی یەکـــەمی سالی ١٩٧٧ دا بلاوکراوەتەوە .

وەرگێر

وەزارەتی رۆشنبیری‌و راگەیاندن

لەزنجیرەی ئیدیۆمەی رەخنە :

« الوزن والقافیـــة والشعر الحر »

د . عبدالواحد لۆلۆە وەریگێراوە

باسێکی تێرو تەسەلە لەبارەی ریتم‌و کێشـــەو قافیەو شی‌کردنەوەی شیعری‌یەوە . کەوتەبازارەوە .

دەزگای نیشتیمانی دابەش کردن‌و بۆزانین ـ بەغدا دابەشی‌دەکات